# مام جەلال نەشتەرگەرێکی دەست لەرزیوە!

خەتاب سابیر
17-07-2004

زۆر لەو دەنگ و ڕەنگانە پرم کە دەڵێن ، سەردەمی زمانی مۆدێرنە و کاتی ڕەخنەی توندوتیژ نییە. هەندێک لەو نووسەر و سیاسەتمەدارانە ، ڕەخنەگرتن لە سیاسییەکانی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسیی، بە شێوەیەکی توند بە کارێکی ئاژاوەگێڕیی و فەوزەوی وێنا دەکەن، ئەمانە یان نانیان لە ڕۆنی حیزبدایە ، یان دەستەمۆکراون ، یان ترسنۆک و هەلپەرستن . باشە سەرکردەکانی کورد ، گەورەترین سوکایەتی بە خوێنی ئەو سەدان هەزار کوردەوە دەکەن.. کە بوون بەقوربانیی لە پێناوی ئازادیی و سەربەخۆییدا ، هێشتا هەر دەبێ ناوبنرێ سیاسەت و دیبلۆماسییەت و زیرەکیی و لێهاتوویی.

مام جەلال ، ئەگەر دڵسۆزی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووایە، نەک دڵسۆزی خەباتی دووروودرێژی کورد ، بەو شێوە نەزانیی و لاموبالاتییەوە ناهات بەری ڕەنجی خەباتی گەلی کورد بکات بە سینییەک پاقلاوە و بیکاتە بەردەم ژەنراڵەکانی تورک و سەرۆک وەزیرانی تورک ( ڕەجەب ئۆردوغان). ئاخر مام جەلال چ کارەیە و کێ ئەم مافەی پێدا کە کەرکوک بکات بەهاوشێوەی برۆکسل.. مام جەلال کێیە ئەو مافە دەدات بەخۆی، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بانگێهێشتی تۆرانییەکان دەکات بۆ کەرکوک، ئەو میدیا و ڕاگەیاندنە کوێرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی بۆتە کەرەی شەربەت و هیچ نایبستێ ،کە واقیعی سیاسیی کوردستان ئاوەژوو دەکاتەوە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر گوتی، ئەدهەم تورک دەمیر سەرۆکی وەفدی تورکیا کەلەسەر بانگهێشتی مام جەلال هاتبوو ،تا ڕادەیەکی باش ڕاستییەکانی ڕوونکردەوە و کە لە تێڕوانینەکانی مام جەلالەوە نزیک بوو، بەڵام چونکە پەتی درۆ لە ئەستووراییدا دەپچڕێ، هەر سێ ڕۆژ دواتر بەناچاری ڕاگەیاندنی یەکێتی ، ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای وەکو خۆی بڵاوکردەوە کە دەڵێ نیگەرانییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە گۆڕینی دیمۆگرافییای شاری کەرکوک ... تاکەی ڕاگەیاندنی یەکێتی ڕاستییەکان ئاوەژووو دەکاتەوە.. ئەوە بۆچی کەسێک لە یەکێتیدا ڕاناپەڕێت و بە میدیاکەی بڵێ کاتێ غازی ئەلیاوەر هات بۆکەرکوک و لەپێشنیازەکەی ڕۆژبەیانی تورە دەبێ، بەناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان، بۆ ئەو ڕاستییەی شاردەوەو باسی نەکرد، بە پێچەوانەوە درۆی بەدەمی ئەلیاوەرە کرد و سەردانەکەی بە قازانجی کوردەکان باسکرد.

هەندێ نووسەری حیزبیی و هەلپەرست بە وڕێنە ئەمە دەخوێننەوە ، کاتێ دەڵێم هیچ کەسێ نە لە ناو یەکێتیدا و نەلەدەرەوی یەکێتیدا ، تەنانەت لە ناو حیزبی بەعسیشدا ئەوەندەی مام جەلال ساتمەی بەیەکێتی نەکردووەو ئەوەندەی ئەو یەکێتی نەداوە بە دارو بەرددا و ئەوەندەی ئەو خوێنێ لە جەستەی یەکێتی نەچۆڕاندووەو پێشکەوتوترین کادرەکانی نەکردووەتە قورگی ئاشی هەواو هەوەسەوە. مام جەلال بووەتە پیشەی، هەمیشە خەریکی بەهار هێنانە ناوقەدە لە کوردستاندا ، وەلی کە دەچێتە دەرەوە ئیتر جورئەت بێت لەم پیاوەدا نامێنێ، لەهەمبەر ئێران و تورکیاو سوریادا زۆر خۆی

بەکەساسی نیشان دەدات و هەمیشەش فەلتەی سیاسیی زۆر قورس دەدات بەدەستەوەو نەیارەکانی دەیقۆزنەوە.

مام جەلال مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە قەیرانە سیاسیی و سەربازییەکاندا.... تەنانەت مەسعود بارزانیش لە نووسینەکانیدا لەسەر شۆڕشی ئەیلول به (ئازاترین سەرکردە مەیدانییەکانی ) لە قەڵەم دەدات...لە سەرەتای شەستەکاندا ئازایەتی و مەیدانداریی مام جەلال لە گەرمیان و بازیان و سورداش و چەمی ڕەزاندا بوو بوو بەئەفسانە و وێردی سەر زمانی هەموو گەلی کوردستان... لە ڕووبەڕووبوونەی سوپای عێراقیدا. لە ناوچەکانی دەربەندی بازیان و لوتک دا ، دارێک ناونرا بە ناوی دارەکەی مام جەلالەوە، ئەم دارە سیمبۆلی ئازایەتی و لێوەشاوەیی ئەو سەرکردە تێکۆشەرەیە کە سەرەتای شەستەکانی لە تانکەکانی حکومەتی عێراق بە دۆزەخ کردبوو. پیاوێک نەفەسێکی درێژی هەبووە و هەمیشە گەشبین بووە لە ڕابردووی سەردەمی شاخدا، دواتریش لەدوای ئەنفال لە سەر سنوور ، یەکێ لە سەرکردەکانی یەکێتی لە قاسمە ڕەش گاڵتەی بەمام جەلال کردبوو ، گوتبووی سی ساڵی ڕەبەقە تۆ دەڵێی حکومەتی عێراقیی دەڕوخێنین، دەبڕۆ بۆ خۆت بەتەنیا بیڕوخێنە. مام جەلال بەپێکەنینەوە گوتبووی بۆ کوێ دەڕوا هەر دەیڕوخێنین. مەبەستم لەم قسەیە تەنها ئیرادە بڵندیی مام جەلال بووە لە ڕابردوودا، بەڵام ناکرێ زرک تاسەر زرک بێت، هەر دەبێ ببێ بە گوندۆرە و سەرەنجامیش دەتەپێت، ئەگەر لەکاتی خۆیدا بەکارنەهێنرێ.

مام جەلال سەرکردەیەکی خاراو و سیاسییەکی بەجیرە بوو لە ڕۆژگاری خۆیدا، ئەم پیاوە ئەم خەسڵەتە شۆڕشگێڕییانەی کاڵبووەتەوە. ئەم وەرچەرخانەش زیاتر لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ ، کە مام جەلال دەیەوێ وەکو سیاسییەکی مەعسوم حوکمی میرنیشنێک بکات ، هەمیشەش بەپێی ئارەزوو و حەزی خۆی گۆترە بە سیاسەت بکات...،مام جەلال خۆی لەهەموو یەکێتی و لەهەموو کوردستانیش پێ ژیرتر و پێ سیاسیی ترە، هەرلێرەشەوەیە نەزەواتی تایبەتی ئەم پیاوە سوکانی خەباتەکەی خۆیشی بەرەو کەندەڵان دەبات. ئێستا پرسیارەکە لێرەدایە، ئەگەر بڕیارە مام جەلال نەشتەرگەری بکات لەسەر مێشکی کوردستان ، کە بڕیارە کەرکوک بێت ، ئەوا بەدڵنیاییەوە تووشی شەلەل دەبین، چۆن دڵی هات ئورشەلیمی کوردستان بکاتە برۆکسل و ساڵێک عەرەب و ساڵێک تورکمان عەنتەری کەرکوک بن، ئەم نەشتەرگەرە کە دەستی دەلەرزێ لە ئاست تورکیادا چۆن دەکرێ جێی متمانەی خەڵک بێت ، کاتێک لە ژوورێکی داخراودا لە گەڵ تورکیا قسەدەکات!، کێ ئەوی کرد بەو پیاوەی کە بەئارەزووی خۆی تورکیا بخاتە ناو کێشەکانی کەرکوکەوە. مام جەلال هێشتا بە بۆچوونە کۆنەکانی ماوییەوە قسە لەسەر دنیای دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات. چۆن برۆکسلێک کە لای کەم نزیکەی 150 ساڵ تاقیکردنەوەی دیموکراسی هەیە ، بە عێراقی عروبە دەشوبهێنێ کە دوێنی هەناسەی ئازادییەکی نیوەناچڵی هەڵمژیوە لە هەموو ژیانیدا . بیرکردنەوەی بەرەی تورکمانی و تەعریبکارەکانت چۆن کرد بە هۆڵەندایی و فەڕەنسایەکانی برۆکسل کە پێکەوە دەژین .

لەناوچەکانی یەکێتیدا ، وێنەیەکی مام جەلال زۆر شانازیی پێوە دەکرێ کە لەناو مەجلیسی حوکمی پێشوودا بە نەخشەو نووسراوی سەردەمی عوسمانییەکانەوە داکۆکی لە کەرکوک کردووە. بەڵام ئەم داکۆکیکردنە وەکو هەوای سەری وایە و هەر زوو دێتەوە سەر مەعدەنی ئەسڵی خۆی و لەبەردەم

میدیاکانی تورکی و عەرەبیدا دەکەوێتەوە ئاوەژووکردنەوەی قسەکانی پێشتری خۆی. کاتێکیش مام جەلال دەڵێ هیوادارم کەس موزایەدە لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەکات، ڕێکوڕەوان مەبەستی لە پارتییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵەو فەلتەکانی مام جەلال دەقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆی. ناکرێ بەمام جەلال بڵێین ، باشە ئەوەندە ڕاگەیاندنی بێ سەروبەر مەدە و با نەیارەکانی یەکێتی سوودی لێ وەرنەگرن ،چونکە ئەو خۆی لەهەموو کەس پێ سیاسیی ترو زاناترە . بیرۆکراتییەتی مام جەلال گەیشتووە بەڕادەیەک ، ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییەکەی دێن بەدزییەوە و بەناوی خوازراوەوە لە سایتە کوردییەکاندا داخی دڵی خۆیان دەکەنەوە ، هەروەکو چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کوردستانپۆستدا ڕوویدا. من نازانم ئەو نامەیەی سەرکردەیەکی یەکێتی تا چەند ڕاستە!، یان لایەنی تری لەپشتەوەیە، یان بە مەبەستی ئاژاوەو مەبەستی گڵاوی سیاسیی دروستکرابێت بەدەم سەرکردەیەکی یەکێتییەوە..بەڵام یەک ڕاستی تر هەیە کە ئەویش ئەوەیە.. ئەوەی لەسەر مام گوترابوو گۆشەیەکی کەم بوو لە عەزەمەتخوازی مام جەلال لەناو یەکێتیداو دواتریش یەکێتی دەیان ئۆرگانی فەرمی هەیەو دەیتوانی ئەو نامەیە بەدرۆ بخاتەوە ئەگەر وانییە .

با بێینەوە سەر نەشتەرگەرییەکەی مام جەلال کە کەرکوکی وێناکردووە بە نەشتەرگەری مێشک ، ئەگەر بە وریاییەوە نەکرێ ئەوا تووشی شەلەلمان دەکات و تیادەچین!.. مام جەلال ئەوە بە توندڕۆیی قەومی و ئیستیفزازی دەزانێ کە کەرکوک بەشێکە لەکوردستان و هیچ ساتوسەودایەکی نابێ لەسەر بکرێ. ئەوە لەکەیەوە مام جەلال ئورشەلیمی کوردستانی ئاوها بەئاسانی کردە سەر قەرەوێڵەی نەشتەرگەریی و کۆمەڵێ دکتۆری تۆرانی و دکتۆری نەشتەرگەری عەرەبی هێناوەتە سەر مێشکی ئورشەلیمەکەی!! و بەئارەزووی خۆیان خەریکی چەقۆکارین تیایدا!... مام جەلال چۆن ئەو مافەی بەخۆیدا کە بەتەنیا و بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای گەلی کوردستان بڕیاری داوەتکردنی تورکەکان بدات، تەنانەت لای کەم بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانە ئیفلیجەکەیان کە بە یەکێتی و پارتی چەندین جارە خوێنی پەرلەمانیان گۆڕیوە. بەڵێ وەکو مام جەلال دەڵێ مەسەلەی کەرکوک هەڵە هەڵناگرێ، بەڵام ئایا هیچ کەس بە ئەندازەی مام جەلال و مەسعود بارزانی هەڵەیان کردووە لە سەر مەسەلەی کەرکوک. هیچ کەس بە ئەندازەی ئەو دوو پیاوە مەعسومە! هەڵەیان کردووە دەرهەق بە قوربانیانی خەڵکی کوردستان!.

بارگرژییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لەم دواییەدا ، شتێکی ئاساییە و بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە بۆ هەردوو حیزب کە پیایدا دەگوزەرێن، مام جەلال هەڵەی سیاسیی دەکات و مەسعود بارزانیش کەڵکی لێوەردەگرێ. ئەمە تائێرە شتێکی زۆر ڕۆتینە لە مەودای شەڕی پلورالیزم و دیموکراسیدا. بەڵام سەیرەکە لێرەدایە بۆیەکجاریش مام جەلال و یەکێتی ناڵێن ئەو ڕاگەیاندنەمان باش نەبوو ، هەمیشە هەر خەریکی پینەوپەڕۆ کردنی ڕاگەیاندنە خراپەکانی مام جەلالن و سەرئەنجامیش بە منەتەوە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە. مەسعود بارزانی ئەگەر لە ناشارەزاییشییەوە بێت کە کەمتر دەدوێ و کەمترین ڕاگەیاندن دەدات، بەڵام ئەمەی بە خێرو بەرەکەت بۆ گەڕاوەتەوە .. پسپۆڕەکانی دەوری بارزانی باش دەزانن ، هەڵبژاردن لە پێشەوەیە، بۆیە دەیانەوێ شەقامی کوردیی بخەنە ژێر ئەو کەشەوە کە سیاسەتی پارتی و بارزانی بۆ ئەمڕۆی کوردستان گونجاوتر و کاراترو

**حەکیمانەترە ، نەک سیاسەتەکانی مام جەلال کە مانگی چەندین جار دەگۆڕێ. بارزانی و پارتی چەندین مانگە قسەکانیان و ڕاگەیاندنەکانیان تەنها بۆ خەڵکی کوردستانەو دەیانەوێ بازاڕ بۆ پارتی پەیدابکەن، بە پێچەوانەوە مام جەلالیش هەر خەریکی دڵدانەوەی تورکەکان و بەرەی تورکمانی و عەرەبەکانی ناو هەرێمی دەسەڵاتی عێراق و دەوڵەتە ناوچەییەکان وتەنانەت ئەمریکاشە .**

**پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پارتی زۆر نامەسئولانە لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقیندا هەڵسوکەوت دەکات، ئامادەیە بۆ شکاندنی یەکێتی هەموو کارێک بکات لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکاندا و تەنانەت هاوپەیمانێتی سیخوڕییش لەگەڵ ئەمریکادا ، هەروەکو ئەوەی هەفتەیەک لەمەوبەر لە خانەقین کردی دژی یەکێتی بەچوونە سەربارەگاکانی یەکێتی لەلایەن ئەمریکاوە . مەسەلەکەش ئەوەیە پارتی شێت و هار بووە کە لەکەرکوک و خانەقیندا جەماوەری نییە و دەیەوێ پۆتی یەکێتی بەم شێوەیە بشکێنێ. بۆ ئەوەی لەبابەتەکە دەرنەچم من زۆر بەقەناعەتەوە دەڵێم و پێم وایە ئەگەر یەکێتی فریای مام جەلال نەکەون و ئەو تاکڕەوییەی خۆیان باسی دەکەن لێی نەسەندنەوە ئەوا یەکێتی بەرەو تێکشاندنێکی زۆر گەورە دەڕوات لە هەڵبژاردنی داهاتوودا . ئەوە چۆن سەرکردایەتیی کردنێکە، ڕۆژنامەیەک لە قەڵاچوالان چاوپێکەوتنێکت لەگەڵدا بکات شتێک بڵێی ، هەمان ڕۆژنامە لە تورکیا چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکات و هەمان پرسیارت لێ بکات شتێکی تر بڵێی. ئایا مام جەلال لە تورکیا دەترسێ ، یان بەرژەوەندی تایبەتی لە پشت ئەو ڕاگەیاندنە خراپانەوەیەتی، یان شتی تر ، ئەوە دەبێ گەلی کوردستان بەگشتی و ڕێکخستنەکانی یەکێتی بەتایبەتی لێی بپێچنەوە، پێویستیشە مام جەلال خۆی لەخۆی بپرسێ ئەوە خەتای خەڵک نییە موزایە دەکات بەسەر یەکێتییەوە ،ئەوە خەتای خۆیەتی کە بیانوو دەدات بە موزایەدەکەران! ، ئەو هەموو کۆڕو کۆبوونەوانەی مام جەلالیش لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕێکخستنەکاندا نیشانەی شکستی سەفەرەکەی مام جەلال بوو بۆ تورکیا و دەیەوێ لە ناوخۆی کوردستاندا پاساوی بداتەوە و هیچی تر .**